# ناڕەزایەتی هونەرمەندان بەردەوامە و سورین لە سەر داواکارییەکانمان

"ناڕەزایی ئێمە لەسەر یەکگرتنەوە یان یەکنەگرتنەوە نییە بەڵکو لەسەر ساڵانێکی درێژە لەسەر گەندەڵی و بێهەڵوێستی و ناکارایی ڕێکخراوە هونەرییەکان" .

یەکەم ساتی ڕووبەڕووبوونەوەمان لە گەڵ کاربەدەستانی ناو بارەگای هونەرمەندان دا وا دەستی پێکرد، سەرۆکی ڕێکخراوەکە بە هاوکاری دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس دەرگای بەڕوی هونەرمەندانی ناڕازی داخست و رازی نەبوو بچینە ناو بارەگای ڕێکخراوەکەوە. سەرۆکی ڕێکخراوەکە دەیویست ئاراستەی هەڵوێست وەرگرتنەکە بەرەو توندوتیژی بەرێت، کەسێکی دەستنیشان کرد کە ئەو بەهیچ شێوەیەك نابێت بێتە ژورەوە، پاڵی بە کەسێکی ترەوە دەنا و تا گەیشتە ئەوەی هەڕەشەی ئەوە بکات کە "دەتاندەمە دادگا دواتر کەس نەپارێتەوە"

پاش وەرگرتنی یاداشتنامەکە ئەوان هەڵوێستی خۆیان لە سەر تەنها هەواڵی سایتێکی ئینتەرنێت بنیاتدەنا و قسەی خۆیان دەکرد و گوێیان لە کەسی تر نەدەگرت و شوێنەکەیان جێدەهێشت. کەچی لە بەرامبەر ئەوەدا لە بەیاننامەیەکی پڕ هەڵەی زمانەوانی و بەپەلەنوسراودا باس لە لۆژیکی گفتوگۆیەك دەکەن کە لە سەرەتای سەرەتاوە ڕەتیانکردەوە و دواتریش لە سەر هەڵوێستەکەیان بەردەوام بون. ئەو بەیاننامەیەی دواتر بە شێوەیەکی فەرمی وەڵامی دەدەینەوە.

لە ماوەی (48 کاتژمێر)ی ڕابردودا، هونەرمەندانی ناڕازی لە سەر شۆستەی بەردەم بارەگای ڕێکخراوەکە مانەوە و لە سەر چالاکی هونەری و گفتوگۆی جدی و کۆکردنەوەی ئیمزا و پشتگیری بەردەوام بون وەك چاوەڕوان دەکرا هونەرمەندانی ناوەوە و دەرەوە وڵات بە ئیمزا و ئیمەیل و وتار و تەلەفۆن پشتگیریان لەم هەڵوێستەکرد و بە بایەخەوە کەوتنە لێدوان و تا ساتی نوسینی ئەم یاداشتە 323 ئیمزا کۆکراوەتەوە، جگە لە پشتگیری و ئیمزای شارەکانی "هەولێر و دهۆك" و شارۆچکەکانی ( هەڵەبجە و هەورامان و شارەزور پێنجوێن و دەربەندیخان و چەمچەماڵ و کەلار). و پشتگیری سەرجەم هونەرمەندانی شاری کەرکوك کە بەسوپاسەوە هونەرمەندی گەورە "ناسرِ حەسەن" پێی ڕاگەیاندین بە تەلەفۆن.

ئەمە تەنها سەرەتای ناڕەزایی بوو بڕیارماندا کە بەردەوامبین لە سەر:

1- برۆسەی ئیمزاکۆکردنەوە.
2- ئەم ناڕەزاییە دەبەینە بەردەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناوەوە و دەرەوەی وڵات،ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان . ، سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی حکومەتی هەرێم . سەرۆك کۆماری عێراق".
3- دروستکردنی هەر ڕێکخراوێکی تر لەلایەن ئێمەوە ڕەتدەکرێتەوە و ڕێکخراوەکەشمان جێناهێڵین بۆ گەندەڵی.
4- گەندەڵییەکانی ڕێکخراوەکە بلاودەکەینەوە بۆ بەردەم ڕای گشتی .
5- دەستدەکەین بە داڕشتنی پرۆگرام و سیستمێکی مەدەنی هاوشانی مۆدێلە سەرکەوتووەکانی ڕێکخراوی هونەری لە دونیادا.

ڕۆژی شەممەی داهاتوو" 9/30 " لە کۆبونەوەیەکی فراواندا پلان و کاری ئاییندە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت .

لە کۆتایدا سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی کە پشتگیریان کردین و "کە بەردەوام لە زیاد بووندان "سوپاسیش بۆ برایانی پۆلیس و ئاسایش کە زۆر مەدەنیتر و شارستانیتر بوون لە برایانی ناو بارەگای "ی.هـ.ك".

هونەرمەندانی ناڕازی

سلێمانی – بەردەم بارەگای هونەرمەندان

2006/9/28